وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

ژمارە: ١٤٣٤٢ لە ٢٠١١/١٠/٦

## ڕێنمایی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١١

## پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی قارچك

مەبەست لە دامەزراندنی پرۆژەی قارچك ، بەرهەم هێنانی بەرهەمی(قارچك)ە بەشێوەیەکی زانستییانە و تەندروست ، ئامانجیش لەپرۆژەکە بەرهەم هێنان و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و هونەری جوتیاران و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ بێت لەو بوارەدا .

### مەرجی پێویست بۆ پێدانی مۆڵەت :

١- دەبێت ڕووبەری زەوی پێویست بۆ پرۆژەکە لە (١,٥) دۆنم کەمتر نەبێت ئەگەر پرۆژەکە تەنیا یەکەی بەرهەم هێنانی قارچك بگرێتە خۆ .

٢- دەبێت ڕووبەری زەوی پێویست بۆ پرۆژەکە لە (٢,٥) دۆنم کەمتر نەبێت ئەگەر پرۆژەکە جگە لە یەکەی بەرهەم هێنانی قارچك یەکێك یان هەردوو یەکەی (بەرهەم هێنانی تۆو ) و یەکەی ( بەرهەم هێنانی کۆمپۆست ) بگرێتە خۆ .

٣- پرۆژەکە (٧٥) مەتر لە ڕێگای سەرەکی و (٢٥٠) مەتر دووربێت لە شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانی .

٤- دروست کردنی بینایەکی تایبەت بۆ بەرهەم هێنانی قارچك کە لە (٦) هۆڵ کەمتر نەبێت و هەر هۆڵێکیش ڕووبەرەکەی (٢٠ * ٥ * ٥) مەتر کەمتر نەبێت ، لەگەڵ دابین کردنی تەواوی پێداویستیەکانی هۆڵەکان لە (کارەبا ، ئاو پرژێنەر ، ڕەفە ، کۆنترۆلی پێویست بۆ ڕاگرتنی کەش و هەوای هۆڵەکە و پاقژکردنی ڕۆژانە ........... هتد) .

٥- ئەگەر پرۆژەکە یەکەی بەرهەم هێنانی تۆوی لەگەڵدا بوو پێویستە دوو هۆڵ دابمەزرێن یەکێکیان بە ڕووبەری (٥*٧) مەتر کەمتر نەبێت بۆ تاقیگە و دووەمیان بۆ ئامێز ( حاضنة) (١٠*٥) مەتر کەمتر نەبێت .

٦- ئەگەر پرۆژەکە یەکەی بەرهەم هێنانی (کۆمپوست)ی لەگەڵدا بوو گۆرەپانێکی پەسێنراوی هەبێت بە ڕووبەری (٤٠*٢٥)مەتر کەمتر نەبێت .

٧- پرۆژەکە سەرچاوەی ئاوی پێویستی هەبێت .

٨- پێشکەش کردنی وێنەیەك لە خاوەندارێتی زەویەکە .

٩- ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگیرێت وەك سەرجەم پرۆژەکانی دیکەی کشتوکاڵی لەگەڵ وەرگرتنی مۆڵەتی تەندروستی .

١٠- چاندنی چوار دەوری پرۆژەکە بە نەمامی گونجاو ، باگێرەوە (مصدات الرياح)ی بۆ دروست بکرێت.

**جميل سلێمان حيدر**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو

ژمارە: ٥٤١٤ لە ٩/٦/٢٠١٥

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ سەرچاوەكانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١١ ، بریارماندا بە هەمواركردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١١ :-

## ڕێنمایی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٥
## تایبەبە هەمواركردنەوەی ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی
## پرۆژەی قارچك ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠١١

یەكەم: برگە (٤) لە ڕێنمایەكە هەمواردەكرێت وە بەم شێوەی خوارەوە:
لەكاتی بەرهەم هێنانی قارچك لەسەر زەوی (أرضي) ، دەبێت ژمارەی هۆڵەكان لە (٦) هۆڵ كەمترنەبێت و هەر هۆڵێك ڕووبەرەكەی (٢٠،٥،٥) مەتر نەبێت ، بەڵام لەكاتی بەرهەم هێنانی قارچك لەسەر ڕەفە (رفوف) ڕێگە دەدرێت بەمەرجێك ژمارەی هۆڵەكان لە (٣) هۆڵ كەمتر نەبێت بەهەمان ڕووبەر وە ژمارەی ڕەفەكان لە (٤) ڕەفە كەمتر نەبێت لەسەر یەك ، لەگەڵ دانان و دابین كردنی تەواوی پێویستی هۆڵەكان لە هەردوو جۆرەكەدا وەك ( كارەبا ، ئاو پرژێنەر ، كونترۆلی پێویست بۆ ڕاگرتنی كەش و هەوای هۆڵەكە و پاقژكردن ڕۆژانە) .

دووەم: ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بلاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت.

عبدالستار مجید
وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو